# عێراق لە كوردستانی بردەوە !!

د. فایق محەمەد گوڵپی
2006-1-4

ئەوە كەسانەی حەزیان لە یاری تۆپی پێ یە كە ئەم ناوونیشانە ئەبینن وا ئەزانن باسی یاری تۆپی پێیان بۆ ئەكەم ، بەڵام ئەوەی لەم نووسینەدا مەبەستمە ئەوەیە كە بەراوردێك لە نێوان دەسەڵاتداریێتی هەر سێ ئیدارەی هەیی ئەمڕۆی عێراق و كوردستاندا بكەم و پیشانی بدەم ئاخۆ كام ئیدارەیە توانیویەتی زۆرتر لە پێوانە دیموكراتی و شارستانیەكانی حوكمڕانی نزیك بكەوێتەوە . ئەو ئیدارەیەی زۆرتر لەم پێوانانەوە نزیك بێت ئەوە گەمەكەی بردۆتەوە ، ئەو ئیدارەیەشی زیاتر لەم پێوانانەوە دوور بێت ئەوە گەمەكەی دۆڕاندووە .

هێشتا ڕژێمی سەدام نەڕووخابوو كۆڵن پاوڵی وەزیری دەرەوی ئەمریكا هاتە پەرلەمانی كوردستان و وتی : هیوادارم ئەم نموونە دەسەڵاتداریە دیموكراتیەی كوردستان بۆ عێراق بگوێزینەوە . ئەم لێدوانەی وەزیری دەرەوەی ئەو كاتەی ئەمریكا بووە بنێشتە خۆشەی سەرزمانی دەسەڵاتدارانی دابەشكەری كوردستان و ڕۆژانە ئاهەنگی دیموكراتیبوونی هەرێمەكانی كوردستانیان پێوە ئەگێڕا .

ڕۆژ هات و ڕۆژ چوو ، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام لەعێراق دەسەڵاتێك دامەزرا و بە گوێرەی تەمەن و توانای خۆی شانی دایە بەر هەڵگرتنی لۆسی كێشە جیا جیاكانی ئەمڕۆی عێراق ، ئەگەرچی ئەم دەسەڵاتە تا ئەمڕۆش نەیتوانیوە كێشەی ئاسایشی خەڵك دابین بكات ، بەڵام لە زۆر لایەنەوە هەنگاوی جدی ناوە و لە هەندێ بواردا بۆڕی ئیدارەكانی هەرێمەكانی كوردستانی داوەتەوە .

ئەگەر لە چەند لایەنێكی فەرمانڕەواییەوە بەراوردێ لە نێوان ئیدارەی هەرێكمەكانی كوردستان و حكومەتی ناوەندی عێراقدا بكەین ئەم ڕاستیانەمان بۆ دەردەكەوێت :

* پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی كوردستان : لە یەكەم دانیشتنی پەرلەمانی عێراقدا كە تایبەت بوو بە سوێندخواردنی سەرۆكایەتی پەرلەمان و ئەنجومەنی سەرۆكایەتی دەوڵەتی عێراق ، ئەندام پەرلەمانێكی عەرەب لە لیستی ئیئتلاف هەستایەوە و داوایەكی لە سەرۆكایەتی پەرلەمان كرد : ( پێویستە لە سەر ئەو بەرێزانەی پێش ئەوەی سوێندی یاسایی بۆ ئەنجومەنی سەرۆكایەتی حكومەتی عراق بخۆن هەریەك لە لای خۆیەوە بڕی سەروەت و سامانی خۆیان ئاشكرا بكەن ) . ئەمە ئازایەتیەك و ئازادیەكی باشی لە ئەنداماتی پەرلەمانی عێراقدا نیشاندا . لە هەمانكاتدا هیچ ئەندام پەرلەمانێكی كوردستان نەیتوانی لە بەرامبەر سووكایەتیەكانی عەمرۆ مووسادا بكۆكێت كە لە پەرلەمانی كوردستان فەرمووی كوردستان بەشێكە لە عێراقی عەرەبی .

* لە كاتی خۆپاڵاوتنی كاندیدی لیستە ڕكەبەرەكان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ( 15-12-2005 ) ، كومیتەی لە ڕەگەوە دەرهێنانی بەعس نزیكەی 100 سەد كەسی لە لیستی كاندیدەكان دەرهێنا و ڕێگەی خۆپاڵاوتنی لێگرتن لە بەر ئەوەی لە سەردەمی دەسەڵاتی بەعسدا دەسەڵاتداربوون ، بەڵام لە كوردستاندا سیخوڕەكانی دەسەڵاتی پێشوو نەك هەر مافی خۆ پاڵاوتنیان هەیە ، بڕیاردەر و پارێزەری هەرە دڵسۆزی هەردوو دەسەڵاتی دابەشكەری كوردستانن و دەشتوانن كەسانی تر بۆ پەرلەمان و حكومەت كاندید بكەن .

* لە ماوەیەكی كورتی دەست بەكاربوونی لیژنەی دەست پاكی ( مفەوەزیەی نزاهە ) لە عێراقدا ، چەندین لێكۆڵینەوەی لە سەر چەندان بەرپرسی گومانلێكراو لە سەر دەستدرێژیكردنە سەر داهاتی وڵات ئەنجامداوە و لە بەرامبەر هەندێكیان كاری یاسایی ئەنجامدرا . كەچی هەردوو ئیدارەی هەرێم لە گەندەڵی دارایی و ئیداری و سیاسی لێوانلێوە نە كومیتەیەك نە لیژنەیەك بۆ ئەم مەبەستە پێكنەهێنرا وە و پەرلەمانی كوردستان و دەسەڵاتی دادوەری كوردستان لە ئاستی ئەم دیاردە نەگەتیڤانەدا وزەیان لێوە نایەت .

* لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام تا ئەمڕۆ لە عێراقدا ژمارەیەكی زۆری حزبی نوێ و ڕێكخراوی سەربەخۆ دامەزران ، حزبە دەسەڵاتدارەكانی عێراق بەرد ناخەنە سەر ڕێگەی دامەزراندن و گەشەكردنیان ، بەڵام لە كوردستان مۆڵەت بەو حزب و ڕێكخراوانە نادەن كە بە ئاگاداری و ڕێنمایی خۆیان دانەمەزراون ، جۆرەها كێشەش بۆ ئەو لایەنانە درووست دەكەن كە پێشتر دامەزراون .

* لە هەموو شارەكانی عێراقدا جەماوەر ئازادە بە هەموو شێوەیەك لە سەر هەر بڕیارێك كە لە بەرژەوەندیدا نەبێت نارەزایی دەربڕێت ، بە خۆپیشاندان و مانگرتنیشەوە ، هیچ دەزگایەكی پۆلیس و ئاسایش بە گوللە بەرەو ڕووی ناوەستنەوە ، بەڵام لە كوردستان بە گەڕەكە كوردیەكانی ( كەركووكی ) شەوە ، هەر مانگرتن و خۆپیشاندانێك درووست ببێت بە گوللەی تفەنگی پۆلیس و ئاسایشی كوردستان و هاوپەیمانان وەڵام دەدرێتەوە .

* لە عێراق وەزیر هەیە بە بڕیارێكی حكومەتەكەی ڕازی نیە و دەست لە كار دەكێشێتەوە ، بەڵام لە كوردستان كورسی هێندە پیرۆز و بەرزە وەزیرێك ، ئەندام پەرلەمانێك نابینی لە بەر بڕیارێكی هەڵەی حزب یان حكوومەت دەست لە كار هەڵگرێت ، مەگەر حزبی دەسەڵاتدار ( وەك خۆیان دەڵێن ) ترۆی بكات .

* ئەو زیندانە نهێنیانەی لە عێراقدا هەبوون تەمەنیان زۆر کورت بوو ، بە زووترین کات دۆزرانەوە پێکهێنەرانیان ڕیسوا کران و ڕێکە و شوێنی یاسایی بۆ دووبارە نەبوونەوەی ئەو دیاردەیە پەیڕەو دەکرێت ، کەچی تا ئێستە لە کوردستاندا زیندانەکانی پاراستن و زانیاری کەس پێی نەوتوون لە کوێوە هاتوون و بۆ کوێ دەچن و چی دەکەن و چی ناکەن ؟!.

* لە عێراقدا سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و سەروەری یاسا خەریکە خۆیان دەنوێنن ، ئەگەر دادگاییکردنی سەدام و داروودەستەکەی لە بەغدا لەگەڵ دادگایەکەی دکتور کەمال سەید قادر لە هەولێر بەراورد بکەین ئاسمان و ڕیسمان جیاوازی ئەبینین .

ئەمانەی سەرەوە کۆمەڵێك نموونەی کلتووری فەرمانڕەوایی سیستەمی حوکمڕانی هەرێمەکانی کوردستان و دەوڵەتی عێراق بوون ، بۆمان ئاشکرا دەکات کە کلتووری (ڕۆشنبیری و هەڵسوکەوتی ) دیموکراتیانە لای فەرمانڕەوایانی عێراقی لە چاو فەرمانڕەوایانی کوردیدا شارستانی و پێشکەوتووترە .

کورد لە عێراقدا لە چاو عەرەبدا کەمن (25٪) ، ئەوەی کە دڵمان پێیخۆشبوو ئەوەبوو کە کورد لە ڕووی چۆنایەتیەوە بتوانێت ئەو کەمیە(نقص) چەندایەتیە بە چۆنایەتیەکی باش پڕبکاتەوە ، لوژیکەکەش ئەوە بوو کە ماوەی 14 ساڵە کوردستان ئازادە و لە دکتاتۆریەت ڕزگاری بووە . بەڵام تا ئێستە ڕاستیەکان وا نادوێن ، کەس ناتوانێ بڵێت حوکمڕانی کوردستان لە چاو حوکمڕانی عێراقدا لە دواوە نیە ،دیارە ئەو چەند ساڵەی دووربوون لە ڕژێمی سەدامەوە تەنها دووربوونێکی فیزیکی بووە ، دووربوونێکی کلتووری نەبووە ، هەر بە هەمان کلتووری سەدام و بگرە خراپتریش کاروباری وڵات لە کوردستان بە ڕێوە براوە و بە ڕێوەدەبرێت .

ئێستەش کێشەکە تەنها بەمەوە ناوەستێت کە کێ لەوی تر زۆر دیموکراتە ، بەڵکوو لەوە زیاتر دەڕوات و گەلی کورد و پێکهاتەکانی تری کومەڵگای عێراق ناچاردەکات بکەوێتە ژێر کاریگەری کلتوورە پێشکەوتووەکە ، کە کوڵتووری عراقی عەرەبی فەرمانڕەوایە و کلتووری پێکهاتەکانی دەرەوەی کوردستانە ، ئەو دەنگانەی ئەمجارە لە هەڵبژاردنی 15-12-2005 لیستی ( العراقیە ) لە کوردستان بە دەستی هێنا لە ئەنجامی ئەو دارمانە کلتووریە دیموکراتیەی کوردستان و پێشکەوتنی هەمان کلتووری عێراقیە فەرمانڕەواکان بوو . ئەگەر کورد فریای خۆی نەکەوێت هەنگاوی جدی ڕەوو وەرچەرخانی دیموکراتی و هەڵسووکەوتی شارستانیانە نەهاوێژێت ئەو دەسکەوتانەی لەمەو بەریش بە دەستی هێناوە لەمەو دوا بە ئاسانی لە ململانێیەکی بێدەنگی کلتووریدا لە کیسی ئەدات و عێراق لە هەموو بوارێکدا لە کوردستان ئەباتەوە .